# چینی کرێکار ئەتوانێ، کۆمەڵگا لەم تەنگەبەریە دەربهێنێ!

# بەرەوپیری ١-ی ئایار جەژنی جیهانیی چینی کرێکار

کریکاران! ئەمسال لە هەلومەرجیکدا بەرەوپیری 1ی ئایار دەرۆین کە بورژوازی جیهانی بە تایبەتی دوو جەمسەری تیرۆریستی ئەمریکاو ئیسلامی سیاسی کۆمەلگای بەشەرییان لەگەل خەتەریکی گەورە بەرەوروو کردوە. خەتەری سوتانو داروخان لە نیو جەنگو پیشبرکێی تیرۆریستیدا. 1ی ئایاری هەموو سالیك رۆژی نمایشی هیزی چینایەتی کریکارانو پتەوکردنی عەزمو ئیرادەی شۆرشگیرانەی ئەم چینەیە بۆ وەستانەوە بەرامبەر زولمو زۆرداری، بەرامبەر چەوسانەوەو نایەکسانی، بەرامبەر کۆیلایەتیو نەهامەتیەکانی دنیای ئەمرۆ، رۆژی هاتنەمەیدانە بۆ بەرگرتن لە کارەساتەکانی نیزامی سەرمایە. رۆژی بوژانەوەو یەکخستنی هیزی چینایەتی کریکارانو بەشەریەتی ئازادیخوازە لە پیناو بەگەرخستنی ئیرادە بۆ بەدەستەوەگرتنی کۆمەلگاو نوسینی چارەنوسیکی درەخشان لەسەر لەوحەی ژیانی داهاتوو. 1ی ئایاری ئەمسال رۆژی خرۆشانە دژی جەنگو تیرۆریزمو بەربەریەتیك کە هەرەشەیەکی خەتەرناکە لەسەر چارەنوسی کۆمەلگای بەشەری.

لەسەروبەری 1ی ئایاری ئەمسالدا، لە دریژەی پەردە کارەساتبارە یەك لە دوای یەکەکانی دوو سالی رابردوودا، ئەمریکاو هیزو تاقمە قەومیو ئیسلامیەکان، کۆمەلگای عیراقیان لەسەر بورکانیکی خەتەرناك داناوە. ئەم بورکانە هەرکات بتەقیتەوە کارەساتیکی گەورەی ئینسانی دەخولقینێ. ئەم هیزانە ناوچەوانی هاولاتیانی کۆمەلگایەکی زیاتر لە 25 ملیون کەسییان بە مۆری قەومو تائیفەو عەشیرەت کوتاوەو بەم پیەش دەستەبەندیو دابردابریان کردوون. بە زەبری ئەم دەستەبەندیەو خۆسەپاندنی هیزەکانی ئەمریکاو هاوپەیمانەکانی، هاوکیشەیەکی سیاسی کۆنەپەرستانەیان بەسەر ئیرادەی کریکارانو جەماوەری خەلکدا زالکردوە. لەسەر ئەم بنەمایە دەسەلاتیکی قەومیو ئیسلامیو عەشایەریان وەکو بومبیکی تەوقیت کراو لە هەناوی ئەم کۆمەلگایەدا چاندوە، بۆمبیك کە هەموو ساتیك مەترسی ئەوەی لی دەکریت بتەقیتەوەو گوماوە خوینەکانی رەواندا لە عیراقدا بۆ پاکسازی قەومیو دینی بەریبخاتەوە.

چینی کریکار لە میژوویەکی دورودریژدا، بە پانتایی دنیا نیشانیداوە کە هیزیکی عەزیمو لە بنەهاتوەو هەرکات ئیرادە بکاتو لە خەو راپەرێ، دەتوانێ تەختو تاراجی کۆنەپەرستیو ملهوریو زولمو زۆرداری رابمالی. هەرکات لە خەو راپەرێ ئازادیو مافو حورمەتی ئینسانی بەسەر کۆمەلگادا دەبەخشینیتەوەو هەوری کارەساتو کۆیلایەتیو مەحرومیەت رادەمالی.

هەلومەرجی ئەمرۆی عیراق بە دەنگی بەرز چینی کریکار بۆ راپەرینو هاتنەمەیدان بانگەواز دەکات، ئەم دێوە خەوتوە دەبێ ئەمرۆ لە خەو راپەرێو بیتەمەدان. کۆمەلگا پیویستی حەیاتی بە دەخالەتو هاتنەمەیدانی چالاكو کاریگەری چینی کریکار هەیە. بەبێ هاتنەمەیدانی چینی کریکارو بەدیلو ئاسۆی ئەم چینە، ئەم کۆمەلگایە ناتوانێ لەم کابوسو تەنگەبەریە ترسناکە رزگاری بیت. کریکاران ئەتوانن بە هیزی عەزیمیان، بە بەدیلی رزگاری بەخشیان، بە هاوپشتیو هاوچارەنوسی چینایەتییان، بە ریگاچارەو پەیامی ئینسانیو پیشکەتوانەیان، ئەم کابوسە رابمالن، ئەم بۆمبە تەوقیت کراوە پوچەل بکەنەوە، لەسەروی هەویەی پوچی قەومیو دینیەوە دەستی هاولاتیانی هاوچارەنوس بنینە ناو دەستی یەکترو کۆمەلگا لە چنگالو رکیفی هیزو بزووتنەوە کۆنەپەرستە قەومیو دینیەکانو داگیرکاریو میلیتاریزمی ئەمریکا دەربهینن.

هەرچەندە ئەمرۆ چینی ئیمە لە جەرگەی هەلومەرجیکی سەختو دژواردا رووبەرووی ئەم ئەرکە میژوویە دەبیتەوە، بەلام خالە بەهیزەکانمان توانای تیپەراندنی ئەو سەختیانەمان پێ دەدات. خالیکی بەهیزی چینی کریکاری عیراق ئەوەیە کە لە حیزبی خۆی بەهرەمەندە، حیزبی کۆمۆنیستی کریکاریی عیراق رۆلی رابەریو ریکخستنی چینی کریکار دەگیرێو دەبێ کریکاران ئەم ئامرازی خەباتەیان بە دەستەوە بگرنو بە ریزی فراوانیان لە دەوری ریکخراوبن. هاوکات چینی کریکاری

عیراقو حیزبەکەی ئەمرۆ بە تەنیا رووبەرووی ئەم نەبەردە نین، بەڵکو بزووتنەوەی عەزیمی بەشەریەتی موتەمەدنی دنیا، بەشەریەتی بە مەیدان هاتوو لە دژی جەنگو تیرۆریزمی جەمسەرە بورژوازیەکان لەگەڵ ئیمەو لە پشتی ئیمەو مایەی هیزو توانایەکی عەزیمن بۆ بزووتنەوەی ئیمە.

با 1ی ئایار بکەینە رۆژی پتەوکردنی عەزمو ئیرادەی چینی کریکار، رۆژی تەکاندانو لە خەوراپەرینی ئەو هیزە عەزیمەی کە دەتوانی تەواوی ئەم هاوکیشە کۆنەپەرستانەیە بەسەر یەکدا بدات. بیکەین بە رۆژی هاتنەمەیدانی چینی کریکار وەکو پیشرەوو بربرەپشتی بزووتنەوەیەکی جەماوەری سەرتاسەری بۆ وەدەرنانی هیزەکانی ئەمریکاو هاوپەیمانەکانی، بۆ دەسکۆتاکردنی هیزە ئیسلامیو قەومیەکان، بۆ راماڵینو هەڵوەشانەوەی هەموو ئەو دامەزراوو ئیدارەو دەسەلاتو یاساو بریارە کۆنەپەرستو داسەپینراوانەی کە وەکو پیویستیو ئەنجامی داگیرکاری ئەمریکا هاتونەتە کایەوە. بزووتنەوەیەك کە دەولەتیکی پیشکەوتوانەی غەیرە قەومیو غەیرە دینیو سکولاری پشتبەستوو بە ئیرادەی راستەوخۆی خەلك بەرپا بکات، دەولەتیك کە بتوانێ دەستبەجێ ئەمنیەتو ئازادیو گوزەرانیکی شایستە بە ئینسان بۆ هەموان مسۆگەر بکات.

کریکاران! یەکسالی ئاینده دەورانیکی چارەنوس سازە بۆ کۆمەلگای عیراق. هەموو هیزو بزووتنەوە بورژوازیەکان هەولدەدەن مۆری خۆیان بە دەسەلاتو دەستورو یاسای ئەم کۆمەلگایەوە بنین، چینی ئیمەش دەبێ بۆ هەمان مەبەست لە مەیدانی ئەم نەبەردەدا راوەستێ، ئەمە مەیدانی جەنگە لەسەر چۆنیەتی نەخشاندنی چارەنوسی ئەم کۆمەلگایە، ئەمە سەرەکی ترین مەیدانی جەنگو نەبەردی بەدیلەکانە، دەبی بەوپەری ئامادەییەوە پێ بنینە مەیدانی ئەم نەبەردەوە. با رۆژی 1ی ئایار بەهیزی فراوان، لە دەوری خواستەکانمان: نان ئەمنیەت ئازادی، چونەدەرەوەی هیزەکانی ئەمریکاو هاوپەیمانەکانی، نا بۆ ئیسلامی سیاسی نا بۆ قەومپەرستی، بژی ئازادیو سکولاریزم....برژیینەمەیدانو شەقامی شارەکان بە دەستەوە بگرین، با 1ی ئایار بکەینە رۆژی لیدانی چەخماخەی بەریکەوتنی بزووتنەوەیەکی سەرتاسەری لە پیناو ئایندەیەکی درەخشانو شادو بەختەوەر بۆ کۆمەلگای عیراق.

بژی 1ی ئایار رۆژی یەکیتیو هاوپشتی جیهانیی چینی کریکار

بژی ئازادی، یەکسانی، حکومەتی کریکاری!

**ریبوار ئەحمەد**

**سکرتیری کۆمیتەی ناوەندی**

**حیزبی کۆمۆنیستی کریکاریی عیراق**

**ناوەراستی نیسانی** 2005